# بەشێك لە پێشهات و سیناریۆكانی

# سەربەخـــۆیی كوردســـــتانی باشوور

ئەوەی لەم نوسینەدا یاداشتم كردوون ، پێشهات و خەملاندنێكە بۆ ڕووداوەكانی ئایندەیەكی زۆر نزیك ، ڕەنگە هەندێك كەس بە بینین و حەزێكی هەرزەكارانە سەیری بكات بەڵام ئەو ڕووداوانە سبەی یان ڕۆژانی دواتر هەر دەبێت ڕوو‌بدات ، كورد پێویستی بەوەچەرخانێكی مەزن هەیە ، وەچەرخانیش پێویستی بە بیرمەند و بڕیاردەری سیاسی مەزن و میللەتێك فیداكار هەیە، ئایا لەكوردستاندا گەلێكی فیداكار و سیاسەتمەداری مەزن ماون یاخود سەردەمی هەردووكیان بەسەرچووە؟

پێویستە كورد سوود لە لاوازی و پەرپوتی دەوڵەتی عراق وەربگرێت ، لەرابردوودا كورد و بڕیاردەرە سیاسییەكانی بەیەكەوە بەیەكدەنگ و هێز سوودیان لەو هەڵە گەورەیەی ڕژێمی صدام حسین وەرگرت كاتێك كوەیتی داگیر كردو نەچووە بن باری فشاری نەتەوە یەكگرتووەكان ، سەرئەنجام ئێمە بووین بەخاوەنی كیانێكی نیمچە سەربەخۆ ، مێژوو زۆر جار بەشێوەی جیاجیا خۆی دووبارە دەكاتەوە ، بۆیە پێشهات و بینینی من ئەوەیە كەكورد دەتوانێت هەڵەكانی دەوڵەتی عراقی نوێ و سەركردە دواكەوتووەكانی بە قازانج و سودێكی یەكجار گەورەتر بگێڕێتەوەو بۆ دواجار (دەولەتی باشووری كوردستان) دابمەزرێنێت.

هەڵگورد عبدالوهاب جندیانی

هەولێر / ٧-٣-٢٠١٤

## سەرتای چەخماخە

دوای ئەوەی کۆمەڵێك قەیرانێکی قوول لەنێوان حکومەتی هەرێم و بەغدادا دروست دەبێت و لەگەڵێدا خەڵکی کوردستان و حکومەتی هەرێمیش هەست بە شەرمەزارییەکی زۆر دەکەن بازاڕ جولەی بازرگانی و بونیادنان لە کوردستاندا توشی وەستان و قەیران دێت لەگەڵێشدا چەند تەقینەوەیەکی زۆر گەورە هەولێر و سلێمانی و دهۆك بەتووندی دەهەژێنێت و دەیان کەسی سڤیل دەبنە قوربانی و دەیانیش بریندار و کەم ئەندام دەبن ، بۆیە خەڵکی کوردستان توشی شۆك دێن و دەکەونە ژێر کاریگەری بێهۆشی بەکۆمەڵ (اللاوعي الجمعي) و هەموو کارەسات و مەینەتییەکانی رابردوویان لەگەڵ رژێمە یەکلەدوایەکەکانی دەوڵەتی عێراقیان دێتەوە یاد و تورەیی و بێزاری زۆری لێئەکەوێتەوەو سەرئەنجام شەقامی کوردستان (دەقلیشێتەوە).

## ئیرادەی خەڵك سیاسییەکان یەکدەخاتەوە

حکومەت و حزبەکان خەڵکی کوردستانیان پێ هێور ناکرێتەوەو خەڵك حزب و کیانەسیاسییەکان بەکەمتەرخەم و ترسنۆك و بێ هەڵوێست تومەتبار دەکەن ، سەدان هەزار کەسی لەشارو شارۆچکەکانی کوردستان بۆخۆنیشاندان و نارەزایی دێنە سەرشەقامەکان بەهەموو رەنگ و بۆچوونەکانیانەوە بۆیە لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بەدەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنەوە ، بەسەندیکا و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیشەوە لەگەڵ ئەم شەپۆل و ئاپۆرەی خەڵکدا هاوراز دەبن سوواری سەرپشتی شەپۆلەکە دەبن و هەموو پێکەوە رابەرایەتی دەکەن.

بەمەش زۆربەی کیشە ناوخۆیەکانی نێوان یەکێتی و پارتی و دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن ، عەلمانی و ئیسلامی سیاسی ، زۆرینەو کەمینە ، تەنانەت ململانێی ناوخۆیی ناو باڵەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش هەمووی دوادەخرێت و ئەرکی یەکەمی هەمووان بەرەو ئاراستەیەکی ترەوە دەچێت بۆ بەدیهێنانی ئەم ئەرکەش پەرلەمان کارا دەکرێت و (ئەنجومەنی سیاسی کوردستان)یش پێکدەهێنرێت.

## تەنها سەربەخۆیی !

دروشمی سەرەکی خۆنیشاندانەکان خۆی لە یەك چەمك و بیرۆکەدا بەرجەستەدەکات، ئەویش (سەربەخۆیی)یە یاخود جیابوونەوەی کوردستانە لە دەوڵەتی عراق ، هەندێك دروشمی توند و رەقیش هەبوون کە دژ بە دەسەلاّتی کوردی بوون و بە بیّ تواناو سازشکاریان تومەتبار دەکرد بەرامبەر بە دەوڵەتی عراق و داوای جولەو هەڵویستی خێراو حەکیمانەیان دەکرد.

شەپۆلی توورەیی فراوانتر بوو بە جۆرێك کە بریاردەرە سیاسییەکانی کوردستان هەزار و یەك حسابیان بۆ کرد و نەتوانرا ئەو نارەزاییانە بە گوتارە تەقلیدیەکان هێور بکرێتەوە ، بۆیە هەوڵیاندا لەریّی پەرلەمانەوە جولە بکەن.

پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ (ئەنجومەنی سیاسی کوردستان) کە لە سەرکردەی زۆربەی لایەنە سیاسییە کاریگەرەکانی کوردستان پێکهاتبوو دانیشتنیکی کتوپر و نائاساییان سازدەکات و تیایدا گەنگەشە لەسەر پرسی ریفراندۆمی مانەوە کرا لەگەڵ دەوڵەتی عراق یان جیابوونەوەی هەموو کوردستانی باشوور.

## پێشمەرگە ئامادەیە

هێزی پێشمەرگە دەکەوێتە ئاگایی و هۆشدار پلە (ج) و داوا لەهەموو پێشمەرگە و زێرەڤانی و هێزەکانی ناوخۆ و تەنانەت هیزە تایبەتەکانی پارت و لایەنە ساسییەکانیش دەکرێت کە ئامادەو گوێرایەڵی ئەنجومەنی سیاسی کوردستانی باشوور بن ، هەروەها جولاندن و جێگیرکردنی هێز لەناوچە هەستیارەکانی ناو هەرێمی کوردستان و ناوچە بەزۆر عراقیکراوەکانی پارێزگاکانی کەرکوك و موصل و دیالەو صلاح الدين.

رازینەبوونی حکومەتی عراق بەم گۆرانکارییەو هەوڵدانی بۆ دروستکردنی فشار بۆ سەر گەلی کوردستان لەرێگای ئەمریکا و ئێران و تورکیا و ئەوانی تریش دەستپێدەکات ،

بەڵام پێداگیری گەلی کوردستان بۆ داواکارییە رەواکەی کە ریفراندۆم و سەربەخۆییە سازشی لەسەر ناکرێت.

## ئابلۆقەی ئاسمانی

دەوڵەتی عراق ئابلۆقەی ئاسمانی ئەخاتە سەر کوردستان و ئاسمانی کوردستان بەرووی گەشتە ئاسمانییەکان دادەخات و سوپای عراقی لە ناوچە کێشەدارەکانی سوننەنشینی عراق دەگوازرێنەوە سنووری کوردستان و ناوچە دابرێنراوەکان و لە ناوچەکانی کەرکوك و موصل و دیالەو صلاح الدین خەڵکی عەرەبنشینیش چەکدار دەکرێت.

کونسولگەرییەکانی وڵاتان پەیتا پەیتا هەرێمی کوردستان جێدەهێڵن و داواش لە کۆمپانیاو هاوڵاتیانیان دەکەن کە خۆبپارێزن لە سەفەر بۆ هەرێمی کوردستان.

سەفیر و وەزیر و کاربەدەستە باڵاکانی کورد لە حکومەتی فیدراڵی و ئەندامانی کورد لەپەرلەمانی عراق وازئەهێنن و بەرەو کوردستان ئەگەڕێنەوەو لە دانیشتنێکدا سەرجەم ئەندام پەرلەمانەکانی کورد لە ناوچە دابڕێنراوەکان بە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان هەژمار دەکرێن بەو پێوەرەی کە ئەوان نوێنەری کوردانی ناوچەدابڕینراوەکانن.

## تیرۆر و تۆقاندن و نواندنی هێز

چەندین کاری تیرۆر و تەقینەوە لە ناو هەرێمی کوردستان و ناوچە دابڕێنراوەکاندا ئەنجام دەدرێن، لەئەنجامدا دەیان کەس دەبنە قوربانی و بەم کارانەش ئیرادەی گەلی کوردستان بە خەڵك و حکومەت و لایەنە سیاسییەکانەوە زۆر توند و روونتر دەبێت و کوردانی ناوچە دابڕێنراوەکان لە هەمووان زیاتر گەرموگورتر دەبن و داوای پشتیوانی و هێز و چەك دەکەن لە هەرێمی کوردستان و ترسی ئەنفال و لەناوبردنی کوردان سەرلەنوێ و لەسەردەمی عەولەمەدا دێتە ئاراوە.

## راگەیاندنی دەوڵەت

پەرلەمانی كوردستان بەهاوبەشی (ئەنجومەنی سیاسی كوردستان) كۆبوونەوەیەك سازدەكەن دوای ٢٢ كاتژمێری بەردەوام لە دیالۆگكردن، پرۆژەی راگەیاندنی دەوڵەتی باشووری كوردستان گەڵاڵەدەكەن و بەكۆدەنگی پەرلەمان بڕیاری لەسەر دەدرێت و لە بەیاننامەیەكدا (دەولەتی باشووری كوردستان) رادەگەیەنرێت و داوا لەنەتەوە یەكگرتووەكانی و ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و كۆمكاری ولاتانی عەرەب و كۆنگرەی وڵاتانی موسڵمان و وڵاتانی دەورپشتی (دەولەتی باشووری كوردستان) دەكرێت كە دان بە سەربەخۆیی كوردستاندا بنێن و رێگر نەبن لەبەردەم ئیرادەی گەلی كوردستان ، هەروەها لە راگەیاندنەكەشدا هەموو كەمەنەتەوەكانی ناو (دەوڵەتی باشووری كوردستان) دڵنیا دەكرێتەوە كە هەموو مافە نەتەوەیی و كەلتورییەكانیان پارێزراو دەبێت ، لەكۆتایی راگەیاندنەكەدا بانگی دەوڵەتی عراق و نەتەوەیی عەرەبی عراق بە شیعەو سوننەوە دەكات كە رازیبن بەم بارە نوێیە و دان بەویست و ئیرادەی گەلی كوردستانەوە بنێن و دوور بكەونەوە لە دوژمنایەتی و شەڕ و خۆیان ئامادەبكەن بۆ دۆستایەتی و هاوسییەتی دوو دەوڵەتی هاوسێ لەسەر بنەما نێودەوڵتییەكان.

## هێرشی ئاسمانی دەوڵەتی عراق بۆ سەر كوردستان

دەوڵەتی عراق تۆشی شۆك دێت لەگەڵیشدا وڵاتانی زلهێزی جیهان بە ئەمریكاشەوە لە خوێندنەوەی بەپەلەو هەڵسەنگاندن دادەبن بۆ ئەم بارە تازەیەی عراق و رۆژهەڵاتی ناوەراست.

دەوڵەتی عراق هێرشی سەربازی بۆ سەر كوردستان دەستپێدەكات و سەرەتا بەتۆپ و فرۆكە ئەمریكیە تازە كڕاوەكان بۆردومانی هەردوو فرۆكەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر و سلێمانی دەكات و چەند پاڵاوگەیەكی نەوت و ویستگەی بەرهەمهێنانی كارەبا دەكرێنە ئامانجی فرۆكەجەنگییەكانی عراقی ، كە جگە لە زیانی مادی دەیان هاوڵاتی كوردستانیش دەكاتە ئامانج و قوربانی .

## رزگارکردنی ناوچە دابڕێنراوەکان

**کاتێك کردە سەربازییەکان دژ بە کوردستان دەستپێدەکات ئیتر ریفراندۆم رۆڵی نامێنێت و پەرلەمانی کوردستان و (ئەنجومەنی سیاسی کوردستان) بە زۆرینەی دەنگ بڕیاری رزگارکردنی ناوچە دابڕێنراوەکان دەدات و فەرمان بۆ هێزەکانی کوردستان دەردەچێت و ژووری عەمەلیات پێکدەهێنرێت.**

## عراق بە تەکنەلۆژیای ئەمریکایی کورد لەناو دەبات

**هێزی پێشمەگەو هێزەچەکدارەکانی تری کوردستان لە بەرەبەیانێکدا شارەکانی ، کەرکوك ، خانەقین ، شەنگار، مەخمور، گوێر ، توزخورماتوو، لەیلان ، جەلەولا، داقوق و ناوچەکانی تری ستراتیژی رزگاردەکات، بێگومان لەم رووبەروووبونەوانەشدا لەهەردوولا زیانی گیانی دەبێت کە لە سەدان کەس تێپەڕدەکات و دەوڵەتی عراق سوود لەو تەکنەلۆژیا نوێیەی ئەمریکا وەردەگرێت کە بۆ شەڕی دژە تیرۆر و پاراستنی سنوورەکانی عراق لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای کڕیبووی و لەلایەن شارەزایانی سەربازی ئەمریکیشەوە مەشق و راهێنانیان پێکراوە ، هێزی پێشمەرگەش سوود لەو چەکە تایبەتە دژ بەفرۆکەو تانکە ئەمریکاییەکان وەردەگرێت کە لەم دەساڵەی دوایی بەقاچاغ لە وڵاتانی ئۆکرانیا و ئەوروپای رۆژهەڵات و ئاسیاوە کڕیبووی و بە نهێنی لەهەردوو فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر و سلێمانی دابەزێنرابوون.**

**لەکوردستان سەروماڵی هاوڵاتیانی نەتەوەی عەرب دەپارێزرێت بە پێچەوانەوە لە بەغداو شارەکانی تریش کوشتن و تاڵانکردن و کەرامەت شکاندنی کوردانی ناوچەکانی عەرەبنشینی عراق دەستپێدەکات کە زۆربەیان بەجلی بەریانەوە رادەکەنە ناوچەکانی (دەوڵەتی باشووری کوردستان).**

## زیندووبوونەوەی گیانی راپەڕین و یەکبوونی بڕیار

خەڵکی کوردستان زۆر دڵخۆشن و هەمان کەشوهەوا و جۆش و خرۆشی سەردەمی راپەڕینی ١٩٩١ دروست دەبێتەوە بەڵام بە نیگەرانیەوە چاوەڕوانی دانیشتنی نەتەوە یەکگرتووەکانن بۆ بڕیاردان و دەنگدان لەسەر داننان بە (دەوڵەتی باشووری کوردستان).

## سوپاس بۆ رەوەندی کورد لە تاراوگە

خۆنیشاندانی گەورەی کوردانی هەرچوار پارچە لە وڵاتانی ئەمریکا و ئەورووپا دەستپێدەکات و سەدان کەس خۆنیشاندان و مانگرتنی کراوە سازدەکرێن لەبەردەم سەفارەتی وڵاتانی عراق و ئەمریکا و بەریتانیا و فەرەنسا لە وڵاتە ئەورووپاییەکان لە ئەڵمانیا و هۆڵەندا و سووید و فلەندا و نەرویج و دانیمارك و روسیا و ئۆکراین و ئیتالیا و نەمسا و بەلجیکا و پۆلەندا و چیك و بولگاریا و یونان و ئیسپانیا و کەنەدا و ئەنکەرە و تەلئەبیبی ئیسرائیل.

لەبەردەم یەکێك لەو سەفارەتانە هاوڵاتییێکی کوردی باکووری کوردستان ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا کە بەمەش زۆرێك لە رۆژنامەکانی ئەمریکی ئەم خۆسوتاندن و نارەزاییەی بەهەمان نارەزایی ئەو پیاوە ئاینییەی ولاتی ڤێتنام بەراوردکرد کاتێك لە کۆتایی شەستەکاندا لەبەرامبەر داگیرکاری وڵاتەکەی لەلایەن ئەمریکاوە لەسەر شەقام و لەبەردەم خەڵکەوە جەستەی خۆی سوتاند، رای گشتی ئەمریکیش گۆڕانکاری بەسەرداهات، گەنگەشەو دیالۆگ و رەخنەی توند لەنێوان سیناتۆر و سیاسەتمەدارانی هەردوو حزبی رکابەری ئەمریکا (دیموکرات و کۆمارییەکان) دروست بوو کە سەرئەنجام کورد سوودمەندبوو.

سەفارەت و کونسولگەریی و نوسینگەکانی هیلی ئاسمانی عراق لە زۆربەی وڵاتانی ئەورووپی و ئەمریکای باکوور ئابلۆقەدران و لە هەندیك وڵاتدا توندو تیژیش روویدا.

سازدانی خونیشاندان و ریپیوانی پشتگیریکردن لەئەستەنبول و زۆربەی ویلایەت و شارە کوردستانییەکانی باکووری کوردستان کە لە هەندیکیاندا توندوتیژیشی لەداوەدیت.

نەتەوە یەکگرتووەکان لە نزیکترین کۆبونەوەی ئاسایی خۆیدا راگەیاندنی (دەوڵەتی باشووری کوردستان) و داواکاری گەلی کوردستان کە لەلایەن پەرلەمان و ئەنجومەنی سیاسی کوردستان تاوتوێ دەکات و دەیخاتە پرۆژەی دەنگدان بۆ دانیشتنی ئایندەی .

## دیسان سێبەری ئەنفال و جینۆساید

دەوڵەتی عراق دەیەوێت پێش دەنگدانەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان شاری هەولێر و سلێمانی کەرکوك و دهۆك لەرێی هێزە تایبەتییەکانی سوپای عراقەوە کۆنترۆل بکات بەجۆریك لەیەك کاتدا بەشەو بۆردومانی هەموو ئەو شارانە دەکات و بە پەرەشووت لە ئاسمانەوە هێزی تایبەتی سوپا فرێدەداتە هەندێك شوێنی گرنگی کوردستان و بەمشێوەیە شەرێکی خوێناوی دەستپێدەکات و لەگەلێشدا هەواڵی جینوسایدی کودرانی ناو ناوچە عەرەبنشینەکانی عراق بە دۆکیۆمینتکراوی بڵاودەبێتەوە.

## تۆمارکردنی سکاڵا لەسەر ئەمریکا

پەرلەمان و ئەنجومەنی سیاسی کوردستان سکاڵا لەسەر عراق تۆمار دەکات کە بە تەکنەلۆژیای نوێی ئەمریکی هەوڵی جینۆساید و وێرانکردنی کوردستان دەدات بەوەش دەوڵەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا توشی ئیحراجییەکی زۆر دێت و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش بەم کارە نیگەران دەبن بەجۆرێك لە راگەیاندن و میدیای جیهانی پەیتا پەیتا باس لەو دوژمنکاریە دەکرێت و لەگەڵێدا باس لەپێشینەی رەشی دەوڵەتی عراق دەکەن لە جینوساید و وێرانکاری و داگەیرکردن .

ئەنجومەنی ئاسایش نێودەوڵەتی لەسەر داوای وڵاتانی برِیاری کۆبونەوەیەکی کتوپڕ و نائاسایی دەدات لەسەر تێکچوونی رەوشی ژیان و ئاسایش لە کوردستان.

## خەباتی دیپلۆماسی کورد

ئەنجومەنی سیاسی کوردستانی باشوور هەوڵە دیپلۆماسییەکانی چڕ دەکاتەوەو بە نامەو بە ناردنی شاند و پەیوەندی تەلیفونی و بەهاوکاری دۆستانی کورد و گەورە کۆمپانیا سوودمەندەکان لە نەوتی کوردستان .

بڕیاردەرە سیاسییەکانی کوردستان لەنزیکەوە لەگەڵ سیاسەتمەدارە دەسەڵاتدارەکانی تورکیا دانیشتنیان سازکرد و لەسەر زۆربەی پەیوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی نێوان هەردوو دەوڵەت رێککەوتن کە گرنگترینیان ( هاوکاریکردنی ئابووری تورکیا بوو لەگەڵ پشتیوانیکردنی دەسەڵاتدارانی ئێستای تورکیا بۆ مانەوە لەسەر حوکمڕانی لەرێی کاریگەریگردن لە هاوپشتی کوردانی باکوور ، لەبەرامبەریشدا تورکیا عبدالله ئوجەلان ئازاد بکات و سەردەمیکی نوێ لە ماف و بونیادنانی بنەمای نوىچ بۆ تورکیایەکی تەواو دیموکراسی کە دان بە مافی کوردەوە بنێت ) بەمەش بڕیاردەرە سیاسییەکانی کوردستان سنوری باکووری دەوڵەتی کوردستانیان زامنکردو دەرگایەکی مەزنیش بەدەم هەناردەکردنی نەوتی کوردستان دەکرێتەوە ، لەگەڵ ئەوەشدا دەوڵەتی تورکیا دواتر لەژێر فشاری نەیارانی سیاسی ناو پەرلەمانی تورکیا و نەتەوە پەرستانی تورك دان بە (دەوڵەتی باشووری کوردستان) نانێت بەڵام وەکو واقعیکی دیفاکتۆ هەڵسوکەوتی ئابووری لەگەڵدا دەکات و هەردوو لا لەیەکتر سوودمەند دەبن !.

## نەتەوە یەکگرتووەکان و پرۆسەی دان نان بە دەوڵەتی کوردستان

ئەو وڵاتانەی کە لە سەرەتادا پشتگیری سەربەخۆیی کوردستان دەکەن بریتین لە (نەرویژ ، سووید ، دانیمارك، فینلەندا، ئیرلەندا ، چیك ، پۆلەندا، ئیسپانیا ، ئیتالیا ، یۆنان ، قوبرصی یونانی ، بولگاریا، رۆمانیا ، ئوکرانیا، کەنەدا، جۆرجیا ، باشووری ئەفریقیا، ئەسیوبیا، کوریای باشوور،بەنگلادیش، پاکستان ، تەیموری رۆژهەلأت ، ئوسترالیا ، روسیای سپی ،کوەیت ، ئەریتریا) بەلأم دوای توندبوونی فشاری دەوڵەتی عراق بۆسەر کوردستان و بۆردومانکردن و زۆربوونی قوربانییەکان و سکالأکردنی (دەولەتی باشووری

کوردستان) له ویلایەتەیکگرتووەکان بە فرۆشتنی چەك بە دەوڵەتی عراق و بەکارهێنانیی ئەو چەکانە بۆ لەناوبردن و کوشتنی هاولاتیانی سڤیل ئەوسا ویلایەتە یکگرتووەکانی ئەمریکاش هاتە ئەو بەرەی کە لایەنگری سەربەخۆیی بێت بەلام بەشێوەیەکی شەرمنانە و بەرەچاوکردنی بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ ولاتانی عەرەب ، ئەو ولاتانەی کە دواتر رازیبوون بریتیبوون لەمانە (ویلایەتە یکگرتووەکانی ئەمریکا، بەریتانیا، فەرەنسا ، نەمسا ، بەلجیکا ، سویسرا ، پورتوگال، ئەندونیسیا، فیلپین ، تایلاند، ئەفگانستان ، مەکسیك ، نیوزلاند ، بەرازیل ، ئەرژەنتین ، پیرۆ ، جۆرجیا ، تاجیکستان، نیپال ، کەمبۆدیا).

بەلام ئەو ولاتانەی کە رازینەبوون بریتیبوون لە (روسیا، چین ، ئەڵمانیا، کۆریا باکوور ، ڤێتنام ، هیندستان،سیریلانکا ،مالیزیا ، ئێران ، تورکیا و هەموو ولاتانی عەرەبیش جگە لە کوەیت).

## کۆتایی دیلمانەکەم و سەرەتایی سەردەمێکی نوێ بۆ کوردستان

ئایا گەلی کوردستان لەم شەڕ و خەباتەیدا سەرکەوتوو دەبێت کە لوتکەی هەموو مەینەتی و خەبات و قوربانیدانی سەردەمەکانی پێشووی لەگەیشتن بە سەربەخۆیی و بونیادنانی دەوڵەتی کوردستان ؟.

دەڵێم بەڵێ گەلی کوردستان سەرکەوتوو دەبێت چونکە چۆن لە رابردوودا ئامادەبووە بۆ قوربانیدان و فیداکاری باوەڕ ناکەم لە دوایین شەڕیدا هەمان ئامادەیی تێدا نەبێت تەنانەت ئەگەر سەرنجیشی لەسەر خراپی ئەدائی حکومەتی هەرێم و لادانی زۆرێك لەسەرکردە سیاسییەکانی هەبووبێت ئەوە نەبۆتە رێگر و بەربەست لەبەردەم بەشداربوونی لە بونیادنان و دامەزراندنی دەوڵەتە سەربەخۆکەی کەوا لەخەونەوە دەبێتە راستی .